هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە

ژمارە ١٥
حوزەیران ٢٠٢٦

پانزەهەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە تایبەت بە

# یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە، بە بەردەوامی هەواڵنامە بڵاو دەکاتەوە بە مەبەستی هاوبەشکردنی زانیاریی درووست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. هەروەها بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنیدا بەشدارن دەخاتە ڕوو. ئەمەش بەمەبەستی بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## نوێترین هەواڵەکان لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئایاری ساڵی ٢٠٢٦دا قەرەبووکردنەوەی ٢٢١٦ ڕزگاربووی دەستی داعشیان ڕاگەیاند کە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەیانگرێتەوە. وەک لە هەواڵنامەکەدا هاتووە، لە کۆی ٢٤٩٦ ڕزگاربوو، کە بەپێی یاساکە مافی قەرەبووکردنەوەیان جێگیر کراوە، لە ئێستادا تەنیا ٨٠٩ کەسیان لە عێراق نیشتەجێن. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لە پەیجی فەیسبووکی بەڕێوەبەرایەتییەکە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە وەربگرن: https://tinyurl.com/3crs845b.

## جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

### نوێکارییە گرنگەکان

■ گفتوگۆیەک لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوەی دەروونی بۆ ڕزگاربووان و خێزانەکانیان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان لەم دواییانەدا لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق کۆبووەوە بۆ تاوتوێکردنی ڕێگەکانی بەرزکردنەوەی پاڵپشتیی تەندروستی بۆ ڕزگاربووانی تاوانەکانی دەستی داعش. بەپێی بەڕێوەبەرایەتییەکە، گفتوگۆکان جەختیان خستە سەر فراوانکردنی پاڵپشتیی تەندروستی دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتی (MHPSS)، خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوەی دەروونی و ڕەخساندنی دەرفەتی ڕاهێنان بۆ باشترکردنی پرۆسەی چاکبوونەوەی ڕزگاربووان و تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگەکانیان. لە کاتێکدا ئەم گفتوگۆیانە پێشهاتی ئەرێنین، بەڵام هێشتا ئاڵنگاریی بەرچاو ماون، بۆ نموونە، خاوبوونەوەی بەرچاو لە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی قەرەبووکردنەوەکانی ناو چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی هێشتا بەردەوامە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانی ڕزگاربووان دروست کردووە و قورستری کردووە، هەر لە بنەڕەتیشەوە ئەو قوربانییانە ژیانیان بەهۆی بۆشاییی گەورەی ناو سیستمی تەندروستیی گشتیی عێراقەوە قورس بووە. لە ساڵی ٢٠٢٤دا، پلانی دامەزراندنی ناوەندی تایبەت بە ڕاهێنانەوەی دەروونی لە موسڵ و شەنگال ڕاگەیەندرا، بەڵام هیچ زانیارییەکی زیاتر سەبارەت بە کاتی تەواوبوونیان، کردنەوەیان یان ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکەن نەخراوەتە ڕوو. نەبوونی پێشکەوتن لە بواری ڕاهێنانەوەی دەروونیدا دەستڕاگەیشتنی قوربانییانی بەو پشتگیرییە تایبەتمەند و درێژخایەنانە سنووردار کردووە کە زۆرێک لە ڕزگاربووان پێویستیانن. لێرەوە زیاتر لەسەر کۆبوونەوەکە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/mudp7jmc .



لە چوارچێوەی هەوڵەکان بۆ ناسینەوەی قوربانیانی تاوانەکانی داعش، تیمەکان کاری هەڵدانەوەی گۆڕ لە شوێنێکی گۆڕی بەکۆمەڵ لە موسڵ ئەنجام دەدەن. نیسانی ٢٠٢٦.
وێنە © بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

■ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە موسڵ

لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا، تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەڕێوەبەرایەتیی یاساییی مێدیکۆ و کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتیی ونبووەکان (ICMP) کاری هەڵکەندنیان لە سێ شوێنی گۆڕی بەکۆمەڵ لە گەڕەکی ئەلحەرامات و (ئەلموشەریفە)ی موسڵ ئەنجام دا. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا ١٥ کۆمەڵە ئێسکوپرووسکی مرۆڤ دەرهێنران کە پێ دەچێت لای کەم سیانیان هیی ژنانی ئێزدی بن. ئێسکوپرووسکەکان گواستراونەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی یاساییی مێدیکۆ لە بەغدا بۆ ناسینەوە و شیکردنەوەی دادوەری. هەر کاتێک پرۆسەی ناسینەوەکە تەواو بوو، ئێسکوپرووسکەکان دەگەڕێندرێنەوە بۆ خێزانەکانیان، ئەمەش وەک درێژکراوەی ئەو هەوڵە بەردەوامانەی دراون بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی ونبووان و پێدانی وەڵام بە کەسوکار و کۆمەڵگەکانیان. لێرەوە زیاتر ببینە: https://tinyurl.com/ymzrm5u7.

## هەواڵی پەیوەندیدار

■ بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان لەم دواییانەدا ڕایگەیاند لیژنەیەکی هاوبەش، کە پێک هاتووە لە وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتییەکە، هاوکار بوون لە دەرکردنی بەڵگەنامەی شارستانیی فەرمی بۆ زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە ڕزگاربووان و ئەندامانی خێزانەکانیان. هەبوونی بەڵگەنامە مەدەنییەکان زۆر گرنگە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەندین ماف، بۆ نموونە دەستڕاگەیشتن بە چاودێریی تەندروستی، خوێندن، کار، دامەزراندن و یارمەتییەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریی گشتیی تر. دەستپێشخەرییەکە بەشێکە لە هەوڵێکی فراوانتر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و ئاڵنگارییانەی ڕزگاربووان بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەکانەوە تووشیان دەبن، هەروەها پشتگیریکردنیان لە دووبارە تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا. لێرەوە زیاتر بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/5n6kheae.






بەشداری بەشداران لە کۆنفرانسی «لە یاسا بۆ دادپەروەری: یادی دوازدەهەمین ساڵی تاوانی کۆمەڵکوژی سپایکر»، کە لە 10ی حوزەیران لە بەغدا بە هاوبەشی دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ، هاوپەیمانی قەرەبووی دادپەروەرانە (C4JR)، و ڕێکخراوی قوربانییانی عێراق لە سپایکر-1700 ڕێکخرا.
وێنە © دەزگای ژیان

له 10 ی حوزەیران، (هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە) و (دامەزراوەی ژیان) و (ڕێکخراوی قوربانییانی عێراقیی سپایکەر ١٧٠٠) چالاکییەکیان لە بەغدا ڕێک خست بۆ بڵاوکردنەوەی نوێترین ڕاپۆرتیان بە ئامانجی پەتوکردنی هەماهەنگیی نێوان ئەو پێکهاتە عێراقییانەیە کە بەهۆی داعشەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئەوەش لەڕێگەی دوو چوارچێوەی سەرەکیی قەرەبووکردنەوەوە: یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، یاسای کەمپی سپایکەر. ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی چۆن ئەو وانانەی لە جێبەجێکردنی ئەم یاسا لەیەکتر نزیکانەوە بەدەست هاتوون دەتوانن توانای دامەزراوەیی بەهێز بکەن و پێشکەشکردنی قەرەبووکردنەوە ڕزگاربوو-سەنتەری و ڕێبازی کارکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر باشتر بکەن. چالاکییەکەدا ڕزگاربووانی ئێزدی و کەسوکاری قوربانییانی کۆمەڵکوژی کامپی سپایکەر و نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی کۆ کردەوە. لە پانێڵێکیشدا کە نوێنەرانی دوو دەزگای جێبەجێکاری سەرەکیی تێدا بوو- بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کاروباری ڕزگاربووان و دامەزراوەی شەهیدان- گفتوگۆ لەسەر ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە کرا، هەروەها گفتوگۆ کرا لەسەر ئەو ڕێگایانەی وا دەکەن جێبەجێکردن، پێداچوونەوە و گەیاندنی قەرەبووکردنەوەکان لەسەر بنەمای ڕێبازی کاکردنی شارەزایانە لەسەر زەبر کاراتر بن و تێیاندا پێویستییەکانی ڕزگاربووان لەبەرچاو بگیرێن. لێرەوە تەواوی ڕاپۆرتەکە بخوێنەرەوە: https://c4jr.org/wp-content/uploads/2026/06/YSL-SPEICHER-REPORT-English.pdf.

کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە (CIGE) لەم دواییانەدا کۆبوونەوەیەکی هەماهەنگیی لەسەر پرسی ئەو ئێزدییانە ئەنجام دا کە تا ئێستا لە سووریادا بێسەروشوێنن. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی دامەزراوەی سەربەخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ونبووان لە کۆماری عەرەبیی سووریا (IIMP) و دامەزراوەی پابەندبوون بە مافە جیهانییەکان (GRC) کۆ کرانەوە بۆ تاوتوێکردنی بونیادنانی هەماهەنگیی دامەزراوەیی. گفتوگۆکان جەختیان کردە سەر باشترکردنی هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی شوێنی ئێزدییە ونبووەکان و ئاسانکاریکردن بۆ گەڕانەوەیان بە سەلامەتی بۆناو کەسوکاریان. هەروەها بەشداربووان جەختیان لەسەر گرنگیی ڕێبازەکانی کارکردنی ڕزگاربوو-سەنتەر کردەوە کە تێیاندا بە درێژاییی پرۆسەکە ماف و پێداویستی و خۆشگوزەرانیی ڕزگاربووان و خێزانەکانیان لە پێشینەی کارەکانە. لێرەوە زیاتر لەسەر کۆبوونەوەکە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/s66yjz95.

ڕێکخراوی یەزدا لەم دواییانەدا بڵاوکراوەیەکی بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پێداویستییە تەندروستییە دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان (MHPSS) بڵاو کردەوە کە لەسەر بنەمای راوێژکردن لەگەڵ ١٥٦ خانەوادەی ئێزدی ئەنجام درابوو، ئەوەش بە ئامانجی پێشخستنی جێبەجێکردنی کاریگەرانەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی و هێنانەکایەی دەستپێشخەریی فراوانتری تایبەت بە تەندروستیی دەروونی لە عێراقدا. ئەنجامەکان دەری دەخەن ڕزگاربووان و کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکانیان هێشتا پێداویستیی تەندروستیی دەروونیی بەرچاویان هەیە کە جێبەجێ نەکراون. زیاتر لە یەک لەسەر سێی بەشداربووان ڕایان گەیاندووە کە تووشی نارەحەتیی سۆزداری بوون و نزیکەی نیوەشیان ڕایان گەیاندووە کە ئەم نارەحەتییە کاریگەریی لەسەر توانای ئەنجامدانی چالاکییەکانی ڕۆژانەیان دروست کردووە. هەروەها لە هەڵسەنگاندنەکەدا دەرکەوتووە کە زۆر کەس ئاگاداری خزمەتگوزارییە تەندروستییە دەروونی و دەروونی-کۆمەڵایەتییەکان نین. ئەنجامەکان ئاماژە بە پێویستی هەبوونی هەوڵێکی گشتگیر دەکەن کە بەهۆیەوە ڕزگاربووان بتوانن دەستیان بە چاودێریی تەندروستیی دەروونی فراوانتر بگات و لە هەمان کاتدا هەوڵەکە بابەتی بژێوی ژیان، خانووبەرە و پێداویستییە سەرەتاییەکانی دیکەی ڕزگاربووان لەبەرچاو بگرێت کە پێویستیانن بۆ چاکبوونەوەیان و خۆشگوزەرانیی درێژخایەنیان. لێرەوە تەواوی ڕاپۆرتەکە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/ycp3tk2d.

ئەلیس ئێدواردز، ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئەشکەنجە، لە نووسینێکدا ئاماژەی کرد بە دروستکردنی یەکەم پەیماننامەی جیهانی تایبەت بە مافەکانی قوربانییان و ڕزگاربووانی ئەشکەنجە و کارە دڕندانەکانی تر. ئەم پەیماننامەیە لە مانگی ئازاردا پێشکەش بە ٦١ەمین دانیشتنی ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ کرا. لەم نووسینەدا، ئەلیس ئێدواردز باس لەو گفتوگۆیانە دەکات کە بوونەتە هۆی هێنانەکایەی پەیماننامەی ڕزگاربووان، لەوەشدا بە تایبەتی باس لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕزگاربووانی ئێزدی دەکات. لێرەوە نووسینەکە بخوێنەرەوە: https://passblue.com/2026/05/05/survivors-of-torture-rewrite-the-rules-banning-it/.

لەم بەستەرەی خوارەوەش پەیماننامەی ڕزگاربووان بەردەستە بۆ خوێندنەوە: https://www.ohchr.org/en/documents/thematic-reports/ahrc6142-torture-and-other-cruel-inhuman-or-degrading-treatment-or.

## هەواڵەکان بۆ لێپرسینەوە

● لە مانگی ئایاردا دەسەڵاتدارانی ئوسترالیا سێ ژنی ئوسترالییان تۆمەتبار کرد بە تاوانی گەورەی پەیوەندیدار بە داعشەوە. ئەو ژنانە لەو سیانزە ئوسترالییەن- چوار ژن و نۆ منداڵ- کە دوای زیاتر لە حەوت ساڵ دەستبەسەرکردنیان لە کەمپی ئەلهۆل لە سووریا گەڕانەوە بۆ ئوسترالیا. دوو لەو ژنانە ڕووبەڕووی تۆمەتی تاوانی دژە مرۆڤایەتی دەبنەوە بەهۆی ئەوەی پێ دەچێت ژنانی ئێزدییان لە سووریا بە کۆیلە کردبێت. سێیەمیان تۆمەتبار کراوە بە تۆمەتی پەیوەندیکردن بە داعش و چوونە ناو ناوچەیەکەوە کە پێشتر ڕاگەیاندراوە ناوچەی ململانێیە. لێرەوە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/34eecea5.

● لە بڕیارێکی گرنگدا کە لە مانگی نیساندا دەرچوو، دادگای تاوانی پاریس کارگێڕان و بەڕێوەبەرە ئەمنییەکانی پێشووی کۆمپانیای لافارج و لقەکەی لە سووریا بە تاوانبار ناساند ئەوەش بە تاوانی دابینکردنی پارە بۆ تیرۆر و پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانیان لە سووریا. یەکەم جارە لە دۆسیەیەکدا کۆمپانیایەکی فەڕەنسی تاوانی لەو شێوەیەی بخرێتە ئەستۆ و تاوانبار بکرێت. دادگا سزای زیندانیکردنی لە نێوان ١٨ مانگ تا ٧ ساڵ سەپاند، لەگەڵ غەرامەکردن بە بڕی ٢٢٥ هەزار یۆرۆ. دادگا بەڕوونی دانی بە جینۆسایدی ئێزدییەکاندا نا ئەوەش بە ئاماژەکردن بە ئاوارەکردنی زۆرەملێ و کۆیلەکردنی ژنان و منداڵان و کوشتنی بەکۆمەڵەوە لەلایەن داعشەوە. ڕێکخراوی یەزدا و دامەزراوەی ئێزدیی ئازاد، وەک دوو لە ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و وەک دوو لایەنی مەدەنی بە ناوی کۆمەڵگەی ئێزدییەوە بەشدارییان لە دانیشتنەکاندا کرد. بڕیاری دادگا لەم کەیسەدا هەنگاوێکی بەرچاوە لەو هەوڵانەدا کە بۆ لێپرسینەوە لە هەردوو تاکەکەس و کۆمپانیاکان دەکرێت لە بەرانبەر ڕۆڵیاندا لە دڕندەییەکانی دەستی داعش. دامەزراوەی ئێزدیی ئازاد یەکێک لەو یاداشتانەی بڵاو کردووەتەوە کە پێشکەش بە دادوەرەکانی فەرەنسا کراوە. لێرەوە یاداشتەکە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/pmydzjyf
لێرەوە و لەڕێی بەیاننامەی (ڕێکخراوی یەزدا)وە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بزانە: https://tinyurl.com/5njhxfrk.

● لە ٢٠ی ئازاردا، دادگاییکردنی ئەندامی فەڕەنسیی داعش، سەبری عەسید، بەبێ ئامادەبوونی خۆی، کۆتایی هات. دادگای تاوانی پاریس بە تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی و هاوبەشیکردن لەم تاوانانەدا دژی ژنانی ئێزدی و منداڵەکانیان، سزای زیندانیکردنی هەتاهەتایی بەسەر ناوبراودا سەپاند. ئەمە یەکەم جارە هاووڵاتییەکی فەڕەنسی بە تاوانی جینۆساید سزا بدرێت. لێرەوە زیاتر لەسەر ئەم کەیسە بخوێنەرەوە: https://www.fidh.org/en/region/europe-central-asia/france/french-isis-member-sabri-essid-convicted-of-genocide-and-crimes.

● لە هەنگاوێکی دیکەدا بە ئاڕاستەی لێپرسینەوە لە تاوانبارانی ئەو تاوانانەی بەرانبەر کۆمەڵگەی ئێزدی کراون، دادوەرێکی فەڕەنسی فەرمانی دادگاییکردنی لۆلیتا سی، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی فەڕەنسییە و تۆمەتبارە بە هاوبەشیکردن لە کۆمەڵکوژی دژی ئێزدییەکاندا، دەرکرد. بەگوێرەی تۆمەتەکان، لە ساڵی ٢٠١٧دا لۆلیتا کچێکی تەمەن هەشتساڵانی ئێزدی بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک بە کۆیلە کردووە ئەمە لە کاتێکدا ئەو کچە لەژێر کۆنترۆڵی داعش لە سووریا ژیاوە. لۆلیتا سی دەبێتە دووەم ژنی فەڕەنسی کە بە تاوانی بەشداریکردن لە جینۆسایدکردنی ئێزدییەکاندا ببرێتە بەردەم دادگا. لێرەوە زیاتر لەسەر ئەم کەیسە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/3unpdttt.

● دادگای باڵای هەرێمی میونشن لە مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٢٥دا ڕێوشوێنی دادگاییکردنی ئاسیا ڕ. ئا و توانا س. گرتە بەر، کە تۆمەتبارن بە ئەندامبوون لە داعشدا و کۆیلەکردن و ئەشکەنجەدان و دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر دوو کچی ئێزدیی تەمەن پێنج ساڵ و دوانزە ساڵ، لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٧ لە عێراق و سووریا. ناوبراوان ڕووبەڕووی تۆمەت دەبنەوە لە تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، کۆمەڵکوژی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. دۆسیەکە دەیەمین دادگاییکردنە لە ئەڵمانیا کە تایبەت بێت بە دڕندەییەکانی داعش دژی کۆمەڵگەی ئێزدی و چاوەڕوان دەکرێت لە 13ی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٦دا بڕیارەکە دەربچێت. لێرەوە زیاتر لەسەر دۆسیەکە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/2pzvkpf9.

● بەپێی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن فەرماندەیی ناوەندیی ئەمریکا (USCENTCOM)ەوە بڵاوکراوەتەوە و تایبەتە بە گواستنەوەی ئەندامانی داعش لە نێوان مانگی کانوونی دووەم و شوباتی ساڵی 2026دا، ٥٧٠٤ دەستگیرکراوی داعش لە سووریاوە بە فڕۆکە و کاروانی زەمینی بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا و بۆ ژێر دەستی دەسەڵاتدارانی عێراق گواستراونەتەوە. دەزگای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری عێراق، زیندانییەکانی گواستەوە بۆ زیندانەکانی ناسریە و کەرخ و بەرپرسیارێتیی تەواوی زیندانییەکانی خستە سەر حکومەتی عێراق. زیندانییە گواستراوەکان سەر بە نزیکەی ٧٠ وڵاتی جیاوازن، لەنێویشاندا ژمارەیەک وڵاتی ئەورووپی هەن. بەپێی ناوەندی نیشتمانیی عێراقی بۆ هەماهەنگیی دادوەریی نێودەوڵەتی، زۆربەی زیندانییەکان- زیاتر لە ٣٥٠٠ کەسیان- سوری بوون و دەکرێت لە داهاتوودا بگەڕێندرێنەوە بۆ سووریا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، حکومەتی عێراق پلانی هەیە بەگوێرەی پابەندبوونە ناوخۆیی و یاساییەکان، بەدواداچوون و لێپێچینەوە لە دەستگیرکراوان بکات. لێرەوە تەواوی ڕاپۆرتەکە بخوێنەرەوە: https://tinyurl.com/2e9fep7f.

## ئاستەنگەکان

لە هەر ژمارەیەکی هەواڵنامەکەماندا، تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاڵنگارییە سەرەکیانەی ڕووبەڕووی ڕزگاربووان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبنەوە لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا. وەک بەشێک لە پەرەپێدانی ڕاپرسییەکەمان لەسەر ئەزموونی ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات (بۆ وردەکاریی زیاتر سەیری خوارەوە بکە)، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە گرووپی گفتوگۆی لەگەڵ ڕزگاربووانی دانیشتووی ئەڵمانیا، کەنەدا و ئوسترالیا ئەنجام دا.

یەکەم ئاڵنگاریی سەرەکی پەیوەندیدارە بە بەردەستبوونی نایەکسانی خزمەتگوزارییەکانی کونسوڵگەری و باڵیۆزخانەکانەوە. بەهۆی شوێنی کونسوڵخانە و باڵویزخانەکانەوە، ڕزگاربووان ڕووبەڕووی بەربەست دەبنەوە لە دەستڕاگەیشتنیان بە ڕێکارە کارگێڕییە سەرەتاییەکانی وەک بەدەستهێنانی بروانامەی ژیان یان نوێکردنەوەی پاسپۆرت و بەڵگەنامە مەدەنییەکان. بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی دەستڕاگەیشتنەوە تا ئاسانکارییان بۆ بکرێت لە دەرکردنی کارتی نیشتمانی، زۆرێک لە ڕزگاربووان ناتوانن پشتڕاستکردنەوەی پێویست بەدەست بهێنن و دڵنیا بن لە بەردەوامبوونی خەرجکردنی قەرەبووەکان بۆیان. لە هەندێک حاڵەتدا ئەم چەقبەستووییە تەنیا لەو کاتەدا چارەسەر دەکرێت کە ڕزگاربوویەک کەسێکی ناو عێراق بکاتە بریکاری یاسایی خۆی و ئەو بریکارە بە ناوی ئەوانەوە توانای تەواوکردنی ڕێکارە پێویستەکانی لە ناوخۆی عێراقدا هەبێت.

ئاڵنگاریی دووەم پەیوەندی بە بارگرانیی دارایی و کارگێڕییەوە هەیە لە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاریی قەرەبووکردنەوە لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا. زۆرێک لە ڕزگاربووان ڕایان گەیاندووە کە بڕە پارە و کاتێکی بەرچاویان لە پرۆسەی پێشکەشکردندا خەرج کردووە، یان زۆربەیان بەناچاری گەشتیان بۆ عێراق کردووەتەوە بە مەبەستی پێشکەشکردنی داواکارییەکانیان بە شێوەیەی ڕاستەوخۆ. لەبەر ئەوەی ڕزگاربووان نازانن دەتوانن لەڕێگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە داواکاری بۆ قەرەبووکردنەوە پێشکەش بکەن، چەندین ڕزگاربوو پشتیان بە پارەمەتیی یاسایی تایبەت بەست، ئەمەش کات و تێچوویەکی زۆری ویستووە. لە کاتێکدا هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاستەوخۆ قسەی لەگەڵ ئەو ڕزگاربووانە نەکردووە کە لە دوورەوە داواکارییان پێشکەش کردووە، بەڵام پێشبینی دەکرێت ئەم بڕاردەیە تێچووەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە و بارگرانی لەسەر ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات کەم بکاتەوە.

لە کۆتاییدا، جگە لە قەرەبووکردنەوە، ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات تیشکیان خستە سەر ئەو ڕاستییەی کە ئەوان تا ڕادەیەکی کەم و سنووردار ئاگاداری قەرەبووەکانی دیکەی ناو یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدین. زۆربەیان باسی ئەوەشیان کرد کە بەتەواوی ئاگاداری ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتییەکە نین لە پرۆسەی جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا، ئەمەش ئەوە دەردەخات بۆشاییی بەردەوام هەیە لەنێوان گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بەڕێوەبەرایەتی دەتوانێت کار بۆ کەمکردنەوەی ئەمە بکات.

چاوەڕوانی ئەنجامی زیاتری ڕاپرسییەکەمان بن لە ژمارەی داهاتووی هەواڵنامەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا!



بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە زاڵبوون بەسەر ئاستەنگیەکاندا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانەپاڵپشتیی یاسایی پێشکەش بە ڕزگاربووان دەکات بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکانیان لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا.
ئەگەر خۆت یان کەسێک دەناسیت پێویستی بە پشتگیری یاسایی هەبێت، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە.

### هاریکاریی یاسایی

legalaid@c4jr.org +9647508516311

### لە هەواڵنامەی دواتردا

وەک بەشێک لە هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ چاودێریکردنێکی باشتری یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لەسەر بنەمای بەڵگە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاپرسییەکی نوێی لەگەڵ ڕزگاربووانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات دەست پێ کردووە. لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ەوە بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان لە دەرەوەی وڵاتیش داواکاری ڕزگاربووان وەردەگرێت، بەڵام هێشتا زانیارییەکان سەبارەت بە ئەزموونی داواکارانی دەرەوەی وڵات سنووردارە، لەوانەش بەربەستە ڕێکارییەکانی بەردەم وەرگرتنی قەرەبووکردنەوە و ڕەزامەندیی گشتیی ڕزگاربووان لەو ڕێکارانەی قەرەبووکردنەوە کە بە ڕزگاربووان دەبەخشرێن. ئەم ڕاپرسییە هەوڵ دەدات ئەم بۆشاییانە چارەسەر بکات و باشتر تێ بگات لەوەی چۆن میکانیزمەکانی دادپەروەریی قۆناغ بە قۆناغ دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرتر ڕۆڵ ببین و وەڵامی پێداویستییەکانی ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات بدەنەوە. چاوەڕوانی ئەنجامەکان بن لە وەشانی داهاتووی هەواڵنامەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزیدیدا!

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ سەر بە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەیت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ئەو ژن و کچە ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمانانەی لەژێر دەستی داعشدا دیل بوون و ڕزگاریان بووە؛
- ئەو منداڵە ئێزدییە ڕزگاربووانەی لە کاتی ڕفاندنیاندا تەمەنیان لە خوار هەژدە ساڵەوە بووە؛
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، یان تورکمان و لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کوشتنی بەکۆمەڵی داعش ڕزگاریان بووە.*

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: tinyurl.com/53xtt4zv
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: tinyurl.com/3rrfdhf2

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت.
دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بێت: tinyurl.com/5b567sp7

* تکایە ئەوە بزانن لە کاتێکدا ئەم وردەکارییانە ڕەنگدانەوەی دەقی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدین، بەڵام هەندێک بڕگە لە پراکتیکدا بە شێوەیەکی بەرتەسکانە لێکدانەوەیان بۆ کراوە. بۆیە زۆر بەجیدی پێشنیار دەکەین کاتێک داوا پیشکەش دەکەن بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی یان تانە لە بڕیارەکانی دەدەن، داوای یارمەتیی یاسایی پرۆفێشناڵ بکەن.

## دەربارەی ئێمە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) هاوپەیمانییەکە لەنێوان 33 ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەرە گونجاوەکان، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان لەپێناو دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

www.c4jr.org
info@c4jr.org
/C4JRorg

هاوپەیمانی
بۆ قەرەبووکردنەوەی
دادپەروەرانە